كتێبخانەی گشتیی سلێمانی
بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
بڵاوکراوەی ژمارە ( ٧ )

# ئینتەرنێت و کتێبخانە

وەرگێڕانی
یاسین قادر بەرزنجی

سلێمانی ٢٠١٢

**خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و**

**بەکارهێنانی لەکتێبخانەکاندا**

ئامادەکردنی : یاسین قادر بەرزنجی

تایپ: بەیان عەلی ، بەهرە عیزەدین

نەخشەسازیی: مەهدی ئەحمەد

بەرگ: پەیام ئەحمەد

سەرپەرشتیاری چاپ: ئاشتی دانش

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی کارۆ

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣١٣) ی ساڵی ٢٠١٢ ی پێدراوە.

# خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و
# بەکارهێنانی لەکتێبخانەکاندا

ئینتەرنێت لەجیهانی پەیوەندیی مرۆییدا بەشەشەمین شۆڕش دادەنرێت لەدوای شۆڕشی یەکەم، کەبریتی بووە لەدۆزینەوەی وشەی گوتراو، شۆڕشی دووەم کەداهێنانی نووسین بووەو، سێیەم کە داهێنانی چاپ بووەو، چوارەم کە لەدۆزینەوە ئەلیکترۆنییەکاندا خۆی دیوەتەوەو لەگەڵیدا تەلەفۆنو بروسکەو رادیۆ داهێنراوەو بەدوایدا گواستنەوەی وێنە لەڕێی هێڵە تەلدارەکانی گواستنەوەو نیشاندانی وێنە لەسەر شاشەی سینەماو پاشان دەنگ خستنە سەریانو ئینجا داهێنانی تەلەفزیۆن بۆ نمایشی وێنە جوڵاوەکان بەدەنگەوە بۆ گواستنەوەی رووداوەکان لەکاتی خۆیاندا. شۆڕشی پێنجەمیش مانگە دەستکردەکانەو کەناڵە ئاسمانییەکان توانیویانە رەهەندێکی تر دابهێنن کەبەشداربێت لەجیهانێکی مەعریفەداو سڕینەوەی هەردوو رەگەزی کاتو شوێن.

ئینتەرنێت کەشەشەمین شۆڕشە، نوێترین تەکنیکە کە دوا دەیەی سەدەی بیستەم بەخۆیەوەی دیوە، وەکو ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی والآیە کە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بەسەرجەم سوودمەندەکانو لەهەموو کایەو بوارەکاندا پێشکەش دەکات، وەك بوارەکانی توێژینەوەی زانستیو بوارەکانی

کـار لەهـەموو لایەنەکانـەوەو، بـوارە حکومییـەکان بەهـەموو وێنەکانیەوە.

ئەم تۆڕە گۆی زەویی کردووەتە یەك بـازاڕ لەشـێوەیەکی نـوێو پێشکەوتوودا، لەئێستادا هیچ شتێك نەبووەتـە مایـەی لێکدانـەوەی خـەڵکی وەك ئینتـەرنێت، ئایـا بـۆ مـرۆڤ سوودبەخـشە یـان زیـانی پێدەگەیێنێت؟

ئینتـەرنێت وەك تـۆڕێکی نێودەوڵـەتیی سـوود بـە مـرۆڤ دەگەیەنێتو لە پەیوەندییەکی خێرادا زانیارییەکان دەستدەکەون.

لـەتوانای هـەر خوێنـدکارێکی زانکـۆ، یـان هـەر توێژەرێکدایـە زانیاریی چنگ بکەوێت بێ ئەوەی گەشتی دوور بکات، یـان لـەنێوان کتێبخانە جیاوازەکاندا هاتوچۆ بکات.

ئـەم تـۆڕە نێودەوڵەتییـە توانیویـە قـۆرخکردنی زانیـاریو هەواڵەکان لەلایەن دەسەڵاتە فەرمییەکانی وڵاتانـەوە، کـە سانسۆر دەخەنە سەربڵاوکردنەوە، نەهێڵێتو ئەو پرەنسیبە هەڵتەکێنێت کە دەیانـەوێت دیـدی خۆیـان یـان بۆچـوونی سیاسـییان بەسـەر هاووڵاتیانیاندا بسەپێنن.

لێرەوە دەڵێین، ئینتەرنێت بووەتە گرنگترین سەرچاوەی ئـازادو دەوڵەمەنـدی هـەواڵو زانیـاریو پرۆگرامـەکانی رۆشـنبیرکردنو هۆشـیاریی، بەتایبـەت لـەم کاتـەدا کـە ئێمـە لـەجیهانێکی پـڕ لـە گۆڕانکاریدا دەژین، جیهانێکی جیاواز لە رابـردوو، جیهانێـك پڕاوپـڕ لـە تەکنـەلۆجیا کـەوا بـەرەو ئاڕاسـتەی گروپگـەرایی زانیارییـەکان

دەڕوات، هــەروەها بــەرەو تۆڕەکــانی پەیوەنــدیی بــۆ مــاوەی درێژخایەن لەسەر رووی زەویی.



# کورتەیەك سەبارەت ئینتەرنێت

بیرۆکـەی ئینتـەرنێت لەسـاڵی ١٩٦٩دا چـەکەرەی کـردوە، وەك سیـستمێکی کۆمپیوتـەری کـە وەزارەتـی بـەرگریی ئـەمریکا کـاری لەسـەرکردوە تـاوەکو پلـەدارە سـەربازییەکان بتـوانن لـەرێی کۆمپیوتەرەوە چاودێریی کاری میری بکەن، لەترسیی رووداني هـەر پـەلامارێکی ئـەتۆمیی، بـۆ لەناونەچـوونی زانیـاریی نێـو ئینتەرنێتـەکانیان، یـان لەکارنەکـەوتنیان، کاریـان کـرد بـۆ بەسـتنەوەیان بەیـەکترەوە لـەرێی تۆرێکـەوە بـە بـەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتی.



لەناوەڕاســـتو کۆتـــایی هەشـــتاکانی ســـەدەی رابردووشـــدا، دامــەزراوی زانــستە نەتەوەییــەکان(NSF)بڕیــاری داوە کــە زۆر لــە زانکۆکــان بەشــداریی بکــەن لــەو تەکنەلۆجیایــەداو کــاری بــۆ ئــەو مەبەستە کردوە. ســاڵی ١٩٩٥ لەلایــەن هەنــدێ لــە کۆمپانیاکانــەوە تۆڕەکــانی ئینتــەرنێت وەك ئــامڕازێکی ریکــلامو بــەبازاڕکردن بــۆ بەرهەمەکانیان خراونەتەگەڕ، بەوشێوەیە ئینتەرنێت بووەتــە تــۆڕی گــەورە لــەتۆڕەکانی کۆمپیوتــەر بەدرێــژایی هــەموو گــۆی زەمــین، هەربۆیە بە(تۆڕی تۆڕەکان) ناودێر کراوە.

ســاڵی ١٩٨٥ بــە ١٠٠تــۆڕی هاوبــەش دەســتی پێکــردوەو ســاڵی ١٩٨٠ گەیشتووەتە ٥٠٠ تۆڕی ناوچەیی، بــەڵام لــەکانوونی دووەمــی ١٩٩٠دا زیادی کردوە بۆ ٢٢١٨ تۆڕو لەناوەڕاستی هەمان ســاڵدا بــۆ زیاتر لە ٤٠٠٠و لەئێستاشدا لە ١١ هەزار تۆڕی فەرعیی زیاتر، لە ١٠٠ وڵاتدا بەکاردێت.

## شێوەکانی سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت

دەتوانرێ سوود لەتۆڕی ئینتەرنێت وەربگرێت لەم بوارانەدا:

١- ئالۆگۆڕی بیروڕاو ئەزموون لەنێوان زانایانو پسپۆڕانی بوارە زانستییە دیاریکراوەکاندا.

٢- رایی کردنی کاروباری بلیتی فڕۆکە بڕینو گرتنی ئوتێلو شوێنە گەشتوگوزارییەکان.

٣- پێکهێنانی گروپی کار لەبواری دیاریکراوی مەعریفیو پسپۆڕیدا.

٤- پەیوەندیی لەنێوان کتێبخانە جیهانیو زانکۆییەکانو سەنتەرەکانی توێژینەوەداو توانای وەدەستهێنانی پرۆگرامەکانو وێنەو تۆمارە بیستراوو بینراوەکان.

٥- بوارە هەواڵیو میدیاییەکان(نووسراو، بیستراو، بینراو)سوود لەم خزمەتگوزارییە وەردەگرن.

٦- دەتوانرێ تۆڕەکان وەك ئامڕازی پەیوەندیی زانیاریی لەگەڵ سەنتەرە جیهانییەکانی توێژینەوە بەکاربهێنرێت.

٧- ئالۆگۆڕی پۆستی ئەلیکترۆنیو دابەشکردنی زانیارییەکان لەنێوان چی کۆمپیوتەری جیهاندا هەیە، کە ئەمەش فراوانترین بەکارهێنانە لەبواری ئینتەرنێتدا.

## خەسڵەتەکانی تۆڕی ئینتەرنێتی

زۆربـەی دامـەزراوەکان لـەم دواییانـەدا کـار بەخزمـەتگوزاریی ئینتەرنێتی دەکەن، ئەویش لەبەر ئەم خەسڵەتانە:

١- بوونی پانتاییەك بۆ گەڕان بەشوێن زانیارییەکاندا، ئیتر دەرەکی بن یان ناوخۆیی.

٢- ئاسانی بەکارهێنانی پانتایی بەرچاوو توانای گەیشتن بەشێوەکانی زانیاریی بەبێ بەکارهێنانی پرۆگرامە تەقلیدییە جیاوازەکان.

٣- دەستگرتنەوە لە تێچووندا و خستنەکاری ژمارەیەکی کەم لەکارمەندان بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان لەڕێی:

أ- گەیشتن بەزانیارییەکان لەهەر کاتێکدا بویسترێت.

ب- خێرایی لە ئامادەکردنی بابەتەکاندا تا بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنیان بۆ بکرێت.

پ- پاراستنی نموونەیەك لە زانیارییەکان، کە دەتوانرێت بە زیاتر لەڕێگایەك چوونەوە سەری بۆ ئەنجام بدرێت.

## پێداویستییەکانی تۆڕ

گــرنگترین پێداویــستی بۆچــوونە نــاو تــۆڕی ئینتــەرنێتو ماڵپــەڕەکانی، دابینکردنــی ئــامرازی گونجــاوە کــە بتوانــێ بــێ هــیچ کۆسپو گرفتێکی هونەریی بتگەێنێتە زانیاریی خوازراوت، پرۆسەی پەیوەندیی بەئینتەرنێتەوە ئەمانەی پێویستە:

أ– ئامێرەکانی Hardwareو کۆمپیوتەرو پاشکۆیەکانی تریان.

ب– پرۆگرامەکانو کەرەستەکانی جێبەجێکردن.

## خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت

تۆڕی ئینتەرنێتی سێ خزمەتگوزاریی سەرەکیی ئەنجام دەدات:

١– خزمەتگوزاریی پۆستی ئەلیکترۆنی (Electronic Mail):

کــە ســەرەکیترینو زۆرتــرینو بــەربڵاوترین خزمەتگوزارییــە لــە هەموو تۆڕەکان پەیوەستن پێوەی.

٢– خزمــەتگوزاریی تلینیــت (Telenet): کــە بریتییــە لــە خزمــەتگوزاریی گرێــدان بــە دوورەوە (Remotelog-in)، کتێبخانــەو سەنتەرەکانی زانیاریی دەتــوانن ســوود لــەوە وەربگــرن ئــەویش بــە پەیوەنــدیی بەســتن بەسیــستمە دوورو نزیکەکانــەوە، وەك پێڕســتی کتێبخانە زانکۆییەکانو بنــەمای زانیــاریی تایبــەت بــە ژێــدەرەکانو

سیستمی زانیارییەکان لەسەر ئاستی زانکۆیی تەواودا، هەروەها سوودوەرگرتن لە تۆڕە ئازادەکان.

٣- خزمەتگوزاریی پرۆتۆکۆڵی گواستنەوەی فایلەکان(FTP):

کە کتێبخانەو سەنتەرەکانی زانیاریی سوود لە فایلەکان وەربگرن بۆ مەبەستی وەکو گەیاندنی ئەلیکترۆنی دۆکۆمێنتەکان، گواستنەوەی فایلەکانی سەرچاوە بەدەستهاتووەکان، هەروەها فایلی پێڕستەکان لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.



## ٢- ئینتەرنێت

لەم دواییانەدا تۆڕێکی زانیاریی پێشکەوتووتر بەناوی(Internet2) دامەزراوە بە تواناو جۆری خزمەتگوزاریی زیاترەوە، ١٧٠ زانکۆی ئەمریکی بەشداربوون لە دامەزراندنیداو تەرخانە بۆ خودی زانکۆکانیان، ئامانجی ئەم تۆڕە بەدەستهێنانی خێرایی زۆرە بۆ خزمەتگوزاریی توێژینەوە ئەکادیمییەکانو کتێبخانە ئەلیکترۆنییەکان، لەگەڵ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی پزیشکیی لە دوورەوە، وەکو دەستنیشانکردن لەسەر وێنە تیشکییەکانو شیکارە پزیشکییەکان، هەرچۆن بەپێی بایەخی زانیارییەکان ریزبەندی ئەنجامدراوە، نەك لەمێژووی دانانیاندا لەتۆڕەکەدا، لەگەڵ ئالۆگۆڕی زانیارییەکانو کەمبوونەوەی ئەگەری ونبوونیان، یان نەگەیشتنیان.

## گرفتەکانی ئینتەرنێت

ئینتەرنێت کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنیی جیهانییە کە دەوڵەمەندە بەزانیارییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، هەرچەندە زانیارییەکان هەمیشە لەگەڵ دابو نەریتی سەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ناگونجێن.

چەندین گرفت لەم تەکنەلۆجیایەدا هەیەو تا ئەم ساتە پسپۆران عەودالّی چارەسەریانن، لەوانە:

– گرفتی دەستەبەری پاراستنی تەواوی زانیارییە نهێنییەکان.

– نەبوونی پێوانە بۆ رێکخستنی دامەزراندنی ماڵپەڕە تایبەتەکان(home page).

– پاراستنی موڵکداریو مافی فیکریی.

– گرانیی دانانی سانسۆر بەسەر زانیارییەکانەوە، بەتایبەت زیانبەخشەکان.



## بەکارهێنانەکانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکاندا

ئەم تەکنەلۆجیا گرنگە، لە کتێبخانەکاندا گەلێك خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، لەوانە:

١- سەرچاوە بەدەستهاتووەکان(التزويد)، کە لەرێی پۆستی ئەلیکترۆنیو پەیوەندی بەستن بەدوورەوە بۆ وەرگرتنو بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی فایلەکانەوە دێتە دی.

٢- گەشەپێدانی پیشەیی.

٣- پێڕستی کتێبخانەکان لەسەر هێڵ Online.

٤- لیستی وتووێژکردن Discussion lists.

٥- گۆڤارو بڵاوکراوە ئەلیکترۆنیەکان FTP.

## تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا

گەشەکردنی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، پەیدابوونی کۆمپیوتەرو بەستنەوەی بە ئامرازەکانی پەیوەندیی پێشکەوتووەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر گەیشتن بە دەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی جیهانەوەو سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان.

هەڵبەت مەحاڵە کتێبخانەیەك چی بەرهەمی فیکری جیهانییە، لە فۆرمە جیاجیاکانیاندا بگرێتەخۆ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە:

١- گەشەی بەرچاو لە دەرکەوتنی هەزاران گۆڤاری تایبەتمەندا.

٢- گەشەکردنی پیشەسازیی بڵاوکردنەوە کە بووەتە هۆی نەتوانینی دەستەبەرکردنی هەموو بەرهەمە فیکرییەکان.

٣- وابەستەیی کتێبخانەکان بە پانتایی دیاریکراوەوە بۆ پاراستنی بەرگی کتێب و چاپکراوەکان.

٤- گۆڕان لە پێویستیی سوودمەندان بۆ زانیارییەکان.

٥- لق لێبوونەوە لە چالاکییەکانی توێژینەوەی زانستیدا.

٦- بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەری کەسیی.

٧- فراوانبوونی خزمەتگوزاریی زانیارییەکان.

٨- دەرکەوتنی تۆڕی زانیارییەکانی ئینتەرنێت.

لەبەر ئەو رووبەڕووبوونەوە گرانانە، کتێبخانەی ناوچەیی LAN’S دامەزرێنراوە کە بەستراونەتەوە بە کتێبخانە نزیکەکانەوە، هەروەها کتێبخانەی WAN’S کە بەستراونەتەوە بەکتێبخانەکانی ناوچەی جوگرافیایی جیاوازەوەو لە دووریی جیاوازیشەوە، تاوای لێهاتووە تۆڕەکان بەستراون بەیەکترەوەو تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت پەیدابووە.

## پراكتیزەكردنی ئینتەرنێت لە كتێبخانەكاندا

سـەرەتای بـەكارهێنانی ئینتـەرنێت لـە كتێبخانەكانـدا نیمـچە سـنووردراربووە بـۆ ئـاڵوگۆڕی نامـەی ئـەلیكترۆنی E_MAILو گواسـتنەوەی فایلـەكان FTP، بـەڵام لەگـەڵ دەركـەوتنی تـۆڕی جیهانیـدا(www)و زۆربـوونی میكـانیزمی گەڕانـدا، خزمـەتگوزاریی ئینتـەرنێت هـەلی رەخـساندوە تـا كتێبخانـەكان سـوودوەربگرن لـە توانای وەرگرتنی تێكستی تەواو Hypertext كە بریتییە لە تێكستو وێنـەو دەنـگ، بەوشـێوەیە پراكتیكـی كاریگـەرو بەكـەڵك لـە كتێبخانەكانـدا ئەنجامـدرا، بـەوەش پاراسـتنی زانیارییـەكانو سـوودوەرگرتن لێیـان بـووە هـۆی ئـەوەی كتێبخانـەی ئـەلیكترۆنی بەئاڕاسـتەی گونجـاوداو بـۆ ئـەو مەبەسـتە رۆڵـی خـۆی ببینێـت، هەرچەندە ئەوەش بەپێی توانای هەر كتێبخانەیەكو ئەو ژینگەیـەی تیایدا جیاوازیی دەبێت.

زۆربوونی خزمەتگوزاریی ئەلیكترۆنی هاندەربوو بـۆ كتێبخانـەكان كە نموونە تەقلیدییەكان كە كاری دەستی بوون بگۆڕێن بـە نموونـە نوێیە پێشكەوتووەكان كە لەبەرتیشكی تەكنەلۆجیای زانیارییـەكان بەرهەمهاتوون، ئەویش لەسەر خواستی سـوودمەندانو پێویـستیان بە زانیارییەكان.

كتێبخانەی جیهانیی پڕن لەسەرچاوەو بووەتە ناوەنـدێك لـەنێوان بـەكارهێنو سـامانی فیكریـی جیهـانیی لەناوچـە جوگرافیاییـە جیاوازەكاندا.



## کاروبارە هونەرییەکان

دیارە کتێبخانە کاتێکی زۆری دەویست بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەکانی بە ئەنجامدانی کارەکانی پێڕستو پۆلێنو رێبەر، بەڵام لەگەڵ کارکردن بە ئینتەرنێتدا توانرا کتێبخانە ئاگاداربێت لە پێڕستی کتێبخانەکان لەرێی(OCLC)و (Rlin)و تۆڕە هونەرییەکانی تری تایبەت بەزانیارییە زانستییەکانو راستکردنەوەی زانیارییەکانەوە، ئەوەش بووە هۆکاری کەمکردنەوەی کۆششو پارەو بەشداریی لە خواستنی ئەلیکترۆنیی نێوان کتێبخانەکاندا.

## وەرگرتنی دۆکیۆمێنتەکان

یەکێکە لە پێشکەوتنە بەرچاوەکان لەبواری ئاڵوگۆڕی نێوان کتێبخانەکانداو بەهۆیەوە زانیاریی بەدەستدێتو دەگەێنرێنە سوودمەندان لەهەر کوێیەکی جیهان بن.

ناوەنـدی بـەریتانی بـۆ بەڵگەنامـەکان گـرنگترین دامـەزراوە بـۆ دابینکردنـــی ئـــەم خزمەتگوزارییـــە کـــە تایبەتـــە بەکتێبخانـــە ئەکادیمییەکانو چی دۆکۆمێنتی بوارەکانی مەعریفەیە بـەخێراترین ئامڕازی ئەلیکترۆنیو ئاسایی دەخاتە بەردەست.

## بایەخی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا

ئـــەو بەکارهێنانـــە دوو هـــەڵی گـــرنگ بـــۆ پـــسپۆڕی کتێبخانـــە دەڕەخسێنێت:

١- وەرگرتنـی سەرچـاوەی کتێبخانـەیی گـرنگو جـەختکردن لەسـەر ئـەرکی سـەرەکیی خۆیـانو هێنانـەدیی ئامانجیـان لـەبواری خزمەتگوزاریی زانیارییەکاندا، ئـەویش بـۆ بـەکارهێنانیان لـەپێناوی سوودمەنداندا.

٢- لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا رۆڵـی سـەرکردایەتی کارمەنـدە پـــسپۆڕەکانی کتێبخانـــە لـــەڕێی رێنمـــاییو ئاڕاســـتەکردنی سوودمەندانو سەرجەم کارمەندانی کتێبخانەوە دەردەکەوێت.

## ئەو هۆکارانەی چۆنێتی بەکارهێنانی
## ئینتەرنێت لە کتێبخانەدا دیاری دەکەن

١- جۆری سوودمەند: ناسینی ئەو توێژەی کە کتێبخانە خزمەتیان دەکات کارێکی پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو سەرچاوانەی پێشکەشیان دەکات.

٢- پلانی کار: لەوەوبەرو بەر لە چوونەسەر ئینتەرنێت دادەڕێژرێت.

٣- ئامانج: جەختکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەو پێناوەدا کە کتێبخانەو زانیارییەکانی بۆ دامەزرێنراون.

٤- دیاریکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیی لە پۆستی ئەلیکترۆنیو تەلەفۆنو ڤیدیۆو...تاد.

٥- بوونی کادیری پسپۆڕ لەو بوارەدا کە بتوانن سیستمی گونجاو بۆ سەرخستنی بەرنامەکە ئامادە بکەن.

## کارمەندی کتێبخانەکانو جیهانی ئینتەرنێت

ئەمڕۆ، ئەو گەشە گەورەیەی بەسەر جیهانی میدیاو پەیوەندیو زانیارییەکاندا هاتووە، وایکردوە کە کاری کارمەند، بەتایبەت لەکتێبخانە زانستییەکاندا لەسەر دووریانێکدا بێتو پرسیاری زۆر لەمەڕ سروشتی پیشەکەو مافە یاساییەکان بکات.

هەرچۆن پرسیاری تریش سەبارەت سیستمی خودی کتێبخانەکانو ژمارەی کارمەندانی دێنە پێشەوە، بەتایبەت دوای

گۆڕینی کارمەندە ناپسپۆڕەکان لە کتێبخانەکانو کارمەندانی دامەزراوە زانستیو توێژینەوەییەکان بۆ پسپۆڕی سەرچاوەکانو گۆڕانی کارمەندان بۆ توێژەرانی زانیارییەکان، هەروەها دوای بەئاڕاستەدا چوونی پەیمانگای کتێبخانەکان بەرەو ئەو پێکهاتەیە، هەرچۆن پارێزگاریی لەپیشەی کتێبخانەیی بەندە بە گەشەکردنو بەپسپۆڕی لە زانیارییەکاندا بەسنوورە تەسکەکانیانەوە، وەکو پسپۆڕی لە زانیاریی کیمیادا، یان فیزیاو.. تاد.

ئەمە بێجگە لە پسپۆڕیی گشتیی لە کتێبخانەکاندا، هەرلێرەدا پرسیارێك دێتە ئارا: ئاخۆ ئایندە پیشەی کتێبخانەکان تەنیا بۆ ئەو دەرچووانە دەبێت کە کارمەندی ئیداریی کتێبخانە، کارمەندی پسپۆڕی ژێدەرەکان، کارمەندی پسپۆڕی زانیارییەکان دەبن.

هەموو ئەو پسپۆڕییانە، کاریان پەیوەست دەبێ بەو گۆڕانکارییانەی لەجیهانی پەیوەندیو زانیارییەکاندا دێتەدی.

تەکنەلۆجیای زانیارییەکانو کۆمپیوتەر بوونەتە هۆی ئەوەی کە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیو بانکی زانیارییەکان ببنە گرنگو بایەخدار، هەرچەندە کەسێك ناتوانێت ئەوە دیاری بکات کە چ کاتێك کتێبخانە لەشێوە تەقلیدییەکەیدا (کە بەکتێبخانەی گۆتنبێرگ دەناسرێت) پێویستی بەبوونی نامێنێت، بەڵام ئەوەش دیارە کە تەکنەلۆجیای نوێ یاریدەدەر دەبێت بۆ کتێبخانە تەقلیدییەکان تاوەکو ئاستیان بەرزبێتەوەو خزمەتگوزاریی باشتر لە ئایندەیاندا پێشکەش بکەن.

هەرچەندە کتێبخانەکان دامەزراوی وەبەرهێنانی وەکو بانکەکان نین، بەڵام لەڕووی ئەرك‌و فرمانەوە لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی ڕاگەیاندن‌و باشترکردنی جۆری خزمەت‌و فراوانبووندایە، هەربۆیە دەبێ کتێبخانە لەبنەماکانی بازاڕ (بەبازاڕکردن) و شێوەی کێبڕکێدا شارەزابێت‌و لەگەڵ ڕەوشی نوێدا خۆبگونجێنێت، هەرچۆن تۆڕی کتێبخانە ئەمریکی‌و ئەوروپییەکان لەمڕۆدا توانیویانە ئەوە بکەن‌و ئامانجەکانیان بهێننە دی‌و لە هەموو کات زیاتر پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگای زانیارییە نوێیەکاندا بەهێزبکەن‌و، ئەویش دوای ئەوەی مەرجە بنەڕەتییەکانی ئەو ئامانجانەیان دابین کردبوو، هەڵبەت ئەرکی هەر نەتەوەیەکە سیاسەتی زانیاریی نیشتمانیی گونجاوی خۆی هەبێت، لەگەڵ پەیوەندیی بەجیهانەوە، دەبێ ئەو ئامانجە ڕەچاو بکرێت‌و هەوڵی فراوانبوونی بەهۆی (CDROOM)ەوە(ڤیدیۆ دیسك)ەوە بدرێت، لەگەڵ دروستکردنی بوار لەبەردەم کەناڵی کتێبخانە پێکەوە گرێدراوەکاندا بەهۆی ئامرازە نوێیەکانەوە.



## ئینتەرنێت لەکتێبخانە گشتییەکاندا

پرســی بــەکارهێنانی ئینتــەرنێت لــە کتێبخانــە گــشتییەکاندا مشتومڕی زۆری لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا لێ کەوتووەتەوە، ئەویش لەنێوان پشتگیریکەرانو ئەوانەی لەو رووەوە رای ئـەوتۆیان نـەبوو، بەڵام ئەوەبوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا ئەوە بـووە بڕیـارو کـاری بـۆکراو بەشـێوەیەکی خێـراو فـراوان جـێ بـەجێکرا، تەنانــەت ئینتــەرنێت برایــە کتێبخانــەی خوێندنگاکانیانــەوەو ئــەو دیاردەیە رۆژ لـەدوای رۆژ پـەرەی سـەند، ئـەویش بـەهۆی هانـدانی بەرپرســیارانو کۆمەڵــەی کتێبخانــەکانیان کــە پــشتگیرییان لــەو ئاڕاستەیە دەکرد، بەڵام لە زۆر وڵاتـی ئەوروپیـدا بەسـستی کـار بـۆ ئـەو پێـشکەوتنە دەکـرا، بـەڵام دواتـر ئـەو پێـشکەوتنە بینرایـەوەو کارێکیـان کـرد لەگـەڵ رەوتـی هاوچـەرخدا بـڕۆن بـەڕێوەو بەباشـی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکانیاندا بەکارهێنرا، بەو هۆیەشەوە جیاوازیی ئەوتۆ لەنێوان کتێبخانـە گـەورەو بـچووکەکانیان نـەهێڵرا، هـەروەها لەنێوان کتێبخانەی گوندو شارۆچکەکانیان لەگەڵ کتێبخانەی شـارە گەورەو پایتەختەکانیاندا.

تەنانــەت لــەڕێی ئـامڕازە نوێیەکانیانــەوە کتێبخانــە گـشتییەکان سـوودمەندبوون لـە خزمـەتگوزاریی کتێبخانـە گـەورەکان، ئـەویش بـەهۆی تۆڕەکـانی ئینتەرنێتـەوە، بـەوەش توانـای زۆر بـۆ وەڵامـی داخوازیی سوودمەندان دەستەبەرکرا.

بەڵام هەندێ گرفت هەن لەکاتی بەکارهێنانی ئەو داهێنراوە زانستییەدا لە کتێبخانە گشتییەکاندا کە پێویستیان بەچاودێری‌و چارەسەرە، ئەوانیش بەندن بەناوەرۆکە پەیوەستەکان بەرەگەز پەرستی‌و توندوتیژی‌و لەشفرۆشی‌و..تاد، هەرچەندە ئەزموونەکان دەریان خستووە کە تائێستا نەتوانراوە چارەسەری ئەو گرفتە بە تەواویی بکرێت، بەڵام چارەسەری بەشێکی زۆری کراوە.

کتێبخانەکان رێسای زۆریان وەك مەرج‌و بنەمای تەکنیکی‌و یاسایی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی داناوە، وەك بەکارهێنانی پرۆگرامی (SURWATCH) لەگەڵ وەرگرتنی بەڵێننامە لە سوودمەندان‌و باوك‌و دایکی منداڵان بۆ نەچوونەوە سەر ئەو لاپەڕە زیانبەخشانە، لەگەڵ دانانی چاودێریی وردی کارمەندان‌و هەندێك لە هامشۆکەران بۆ ئەو دیاردەیە.



پێویسته کتێبخانه پەنابەرێته بەر کارمەندە وانەبێژەکان بۆ مەشقی سوودمەندان لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە هەردوو لایەنی تەکنیکیو توێژینەوەییدا، چونکه زۆربەی سوودمەندان دەتوانن بگەنە کتێبی ناو دۆلابەکان، بەڵام بۆ ئینتەرنێت بەو شێوەیە نییەو راهێنانی تەواوی پێویسته.

## ئینتەرنێت له کتێبخانەی زانکۆکاندا

کتێبخانه زانستییەکان لەم سەردەمە ژمارەیی(دیجیتاڵ)ییەدا لەبەردەم گەلێك ئەرکی نوێدایە، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو جۆرە کتێبخانانە دەستەبەرداری سەرچاوە چاپکراوەکانیان لەسەر حسابی سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان ببن، بەڵکو لەمڕۆدا پێویستیان بە هەردوو جۆرە سەرچاوەکە هەیە بەشێوەیەکی بەرامبەر، ئەویش دوای ئەوەی بابەتە ئەلیکترۆنییەکان لەخزمەتی کارمەندی کتێبخانەکانو سوودمەنداندان بەیەك شێوە، هەرچۆن کتێبخانەی زانکۆکان پێویستیان بەهاوکاریی پتەوی نێوان کتێبخانەکانو سەنتەری توێژینەوەکان هەیە، لەگەڵ مەڵبەندی بەدەستهێنانی نامە زانستییەکان، دەبێ ئەوانە رێنمایی سوودمەندانو سەرپەرشتیی گەشەپێدانی تەکنیکی کۆمپیوتەری، لەگەڵ هاندانی ناسەنتەرگیریيو هەروەها دەبێ پشتیوانی سەرجەم کۆلیجەکان بەدەستبێت بۆ دامەزراندنی تۆڕی ناوچەییو بەرهەمهێنانی بابەتی

زانــــستیو فێرکــــردنو هاوکـــاریی توێـــژەرو زانایـــان بـــۆ کـــارە زانستییەکانیان.

سێ جۆر لـە خزمـەتگوزاریی سـەرەکیی ئـەلیکترۆنیی هەیـە کـە کتێبخانەی زانکۆکان پێشکەشی بکەن، ئەوانیش:

١- خزمەتگوزاریی بنـەمایی بـۆ دامەزرانـدنی تـۆڕی ناوچـەییو بەستنەوەی بە تۆڕە جیهانییەکانەوە.

٢- خزمەتگوزاریی کۆمپیوتەری، هێڵو بەڕێوەبردنی تۆڕ.

٣- خزمـــەتگوزاریی بەرهـــەمهێنانی زانیـــاریی ئـــەلیکترۆنیو پێشکەشکردنیان لەتۆڕدا.

لێـــرەدا ئامـــاژە دەکـــەین کـــە لەســـەر زانکـــۆ پێویـــستە بـــۆ دەوڵەمەنـدکردنی تۆڕەکـەی بڵاوکـراوەو زانیـاریی زانـستیی ئامـادە بکات، ئەوانیش بـریتین لـە تێکستو نامـەی زانکـۆیی(توێژینـەوەی زانستی) وێنەو..تاد، ئامادەکردنی ئـەو سەرچـاوانە لـە دوو رێگـاوە دەبن، یان راسـتەوخۆ بخرێنـە سـەر هێـڵ (تـۆڕی تایبـەتی زانکـۆ)، یـاخود بـەهاوکاریی دەزگاکـانی چـاپو بڵاوکردنـەوە بخرێتـە سـەر سیدی(CD-ROOM)، هەرچۆن دەتوانرێت لەلایەن خودی توێـژەرو دانەرەکانەوە راستەوخۆ بخرێنە نێو تۆڕی ئینتەرنێتەوە کە تایبەتە بەزانکۆیەکی دیاریکراو.

مەســەلەی بــەکارهێنانی ئینتــەرنێت بــۆ تــۆڕە ناوچــەییەکانو بەتایبەت تۆڕە زانکۆییەکان کارێکی هەنووکەیی یـەکجار پێویـستە، بەڵکو کتێبخانـە ناتەقلیدییـەکانیش (وەك کتێبخانـەی ئـەلیکترۆنی)

بـــەهۆی تـــۆڕەوە(Web)و لـــەڕێی پێڕســـتو کۆمەڵەکانیانـــەوە گەشەدەکەن، بەشێوەیەك سوودمەند هـەر کتێبێـك، یـان بابـەتێکی بوێت هەڵیبژێرێتو بەیەك جووڵە لە کۆمپیوتەرەکەیدا هەڵیبگرێتو، ئەویش دوای دانی نرخی دیاریکراو.

هەڵبـــەت ســـوودمەند بـــەر لـــەکڕینی کتێبێـــك کورتکراوەکـــەی دەخوێنێتـــەوە، هاوکـــات زانیـــاریی تـــر ســـەبارەت بـــە نووســـەرانی تۆڕەکانو بیبلیۆگرافیاکـان تـا گونجاوترینیـان هەڵبـژێرێت، چـونکە لەئێستادا ئەوانە لە بانکی زانیارییەکاندا زۆرو لەبەردەستدان.

هـــەر بـــەهۆی ئینتەرنێتـــەوە گەیـــشتن بـــە دەروازەی هـــەر کتێبخانەیـەکی زانکـۆیی بووەتـە کـارێکی ئاسـان، بـەڵام نمـایشو دەرخستەکانی بانکی زانیارییەکان لە ئینتەرنێتـدا بـێ بەرامبـەر تـا ئێستا کەمە، بەتایبەت لەو کتێبخانانەدا کە بەستراونەتەوە بە تۆڕە جیهانییەکانەوە(WWW) هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی کـە کتێبخانـە گـەورەکانی جیهـان تـا ئـەمڕۆ ئـەم خزمەتگوزارییـە لـە کتێبخانـــــە گەورەکانـــــدا لـــــەرێی(OPAC)و بانـــکـــــــــی زانـــیـــــــارییەکـــــــانـــــەوە(CD ROOM)ەوە پێـــشکەش بەسوودمەندان دەکرێت.

بەتایبەت کە کۆکراوەی بـانکی زانیارییـەکان بـەژمارەی یـەکجار زۆر لە ئینتەرنێتدا هەن، بەڵام بە بەرامبەرنو بەخۆڕایی نین، مەگەر تەنیا بۆ دامەزراوەی تایبەت نەبێ، وەك ئـەوەی زانکـۆی تـۆ نـەبێ، وەك کورتکراوەکـــانی زانـــستی زینـــدەوەرزانیو زانـــستەکانی

دەریاناسیو ژینگەناسیو پیسپبوون نەبن کەبێ بەرامبەر دەخرێنە بەردەست کارمەندانەوە.

هەرچۆن کورتکراوە لەبانکی زانیارییەکەیدا هەیە سەبارەت بەزانستی زمانەوانیو هونەرەجوانەکان، کە دیسانەوە بێ بەرامبەر لە خزمەتی سوودمەنداندان بەبێ جیاوازیی.

لەم جۆرە بانکانەدا نیازوایە زانیاریی زیاترو بێ بەرامبەر بخرێنە خزمەتی سوودمەندانەوە، بەڵام بەشێك لە بەرپرسانی بانکەکان بایەخیان بەم لایەنە لە روانگەکەوەیە کە سوودبینین لە دوکیۆمێنتەکانیان بە بەرامبەر بێتو هەر لەپێشەوە پارە لە سوودمەندانیان وەربگیرێ، بەشەکەی تریان بەئاراستەیەکدا کاردەکەن کەوا زانیارییە بیبلیۆگرافیو کورتکراوەکانیان بێ بەرامبەر بخەنە بەردەستی سوودمەند، بەوپێیەی زانیاریی بیبلیۆگرافیو کورتکراوەکانو هاوشێوەکانیان دەبنە دەروازە بۆ پێرستی بەرهەمی نووسەرانو دەزگا زانستیەکانو کۆنگرەکانو دەزگاکانی بڵاوکراوە کە لەسەر تۆڕی جیهانیی(WWW) دەبینرێنەوە، چونکە ئەوانە هەموو دەچنە خانەی زانیاریی بیبلیۆگرافییەوە.

پەیمانگا تایبەتەکان بەبوارە زانستییەکان پێگەی تایبەتیان هەیە لە تۆڕەکاندا، ئەویش بۆ بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان کە سوودمەند دەبن لێیان.

پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی ئەلیکترۆنیو ئینتەرنێت لەکتێبخانەکاندا پێویستیان بە بوونی هۆشیارییە بەرامبەر سوودەکانی تەکنەلۆجیای نوێو ناوەڕۆكو بایەخیان، لەگەڵ چۆنێتیی کاراکردنیان بەرەچاوکردنی لایەنی داراییو تێچوونی ئەو پرۆسەیە، ئەوەش پێویستی بە هاوکاریی نێوان کارمەندی کتێبخانەکانو لایەنە بەرپرسەکانە لەهەر وڵاتێکدا، واتە هاریکاریی نیشتمانیو نێودەوڵەتی، لەگەڵ بایەخدان بەپێوانەو پێودانی گونجاو و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەو ئەزموونەکان، ئەویش لەپێناوی باشترین بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی زانیارییە نوێیەکان.

پێویستە گرنگی بدرێت بەجۆری ئەو زانیارییانەی کەوا لە ڕێی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتەوە لەکتێبخانەکاندا پێشکەش دەکرێن، لەگەڵ پاراستنی مافی موڵکداریی بەرهەمهێنراوە ئەلیکترۆنییەکان (ڕۆژنامەو خولاوەکان لەپۆستی ئەلیکترۆنیداو بانکی زانیارییەکان..و تاد)، ئەویش لە ڕوانگەی پاراستنی مافی گشتییەوە.

هەڵبەت بەرهەمی کاغەزینو چاپکراو لەئایندەی گەشەکردوودا پارێزگاری لەبەهای خۆیو واتاکانی وەك گوێزەرەوەی زانیارییەکان دەکات، بەڵام ئامڕازە ئەلیکترۆنییەکانو خزمەتگوزارییان لەکتێبخانەکاندا بایەخی بەردەوامو بەکارهێنانی فراوانتریان هەیەو بەهەنگاوی فراوان بەرەوپێشەوە دەچن.

## ئینتەرنێت لەکتێبخانەی خوێندنگاکاندا

لەسەر کتێبخانەی خوێندنگاکان پێویستە هەلی بەسەرکردنەوەی خێرا بۆ خوێندکارانیان برەخسێنن، لەگەڵ هاندانی خوێندکاران بۆ نامە ئاڵوگۆڕکردنو ناسینی هاوڕێیان لەهەمان ئاستی خوێندنی خۆیاندا لەناو وڵاتو دەرەوەیدا، دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بەجۆرێك ئاڕاستە بکرێت کە خوێندکاران سوود لە بابەتە دیاریکراوەکان وەربگرن لەپێناوی بوار رەخساندن بۆ ئاڵوگۆری زانیاری بەسوودی زانستیو کۆمەڵایەتی، وەکو بەراوردی پڕۆگرامەکانی خوێندنو قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لەو وڵاتانەدا کە خوێندکارانیان نامەی بەرامبەر ئاڵوگۆر دەکەن، هەروەها بەشداریی لەکۆمەڵە چاپکراوە زانستییەکاندا لەپێناوی هاندانیان بۆ داهێنان، یان کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناوی گەشەپێدانی کۆمەڵگەو ژینگە، هەروەها بەکارهێنانی فەرهەنگو ئینسایکلۆپیدیاو ئەتڵەس کە لەسەر تۆڕەکان هەن.



ئەمانە بێجگە لەسوودی زانستییان بۆ خوێندنەکانیان، مەشقی خوێندکاریشە بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لەهەمان کاتدا.

دیارە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە (کتێبخانەی منداڵان)یشدا هەمان ئاکامی کتێبخانەی خوێندنگاکانی دەبێت و لەو دامەزراوەدا کە کتێبخانەی منداڵەو خەسڵەتی فێرکردن و رۆشنبیری و کاتبەسەربردن لەخۆ دەگرێت، کار بۆئەوە دەکرێت پەروەردەی دروستی منداڵان بکرێت و پەرە بەتواناو ئارەزووەکانیان بدرێت و فێری خۆپەروەردەکردنیش بکرێن لەلایەن خودی خۆیانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (Alyaseer.net)

# پەیوەندی ئینتەرنێت بە کتێبخانەکانەوە

سـەبارەت کاریگـەریی ئینتـەرنێت لەسـەر کتێبخانـەکان دەبـێ بڵێین:

هەرچەندە ئینتەرنێت بۆخۆی کتێبخانە نییەو بەهیچ جۆرێکیش ناتوانـێ ببێتـە جێگـرەوەی کتێبخانـە، بـەڵام دیـارە کاریگـەریی ئەرێنیو نەرێنیشی لەسەر کتێبخانە هەیە، چۆن؟

کاریگەرییە ئەرێنییـەکانی زۆرن، لەوانـە: ئینتـەرنێت بـە بـەرگو ریـشەی کتێبخانـە گریمانەییـەکان دانـراوەو زانایـانی کتێبخانـەو زانیارییـەکان ماوەیـەکی زۆرە بیریـان لـەوە کردوەتـەوەو لەوانـەی یەکەمجار لەم مەسەلەیە دواون (فانیفە ـ بوش)ە کە وتارێکی سـاڵی ١٩٤٥ لە گۆڤاری (ئەتلاتیکی منتەلی)دا بەناوی (هەرچـۆن دەتـوانین بیربکەینەوە)، تائێستایش زۆر لە توێژەران بەو وتارەدا دەچـنەوە، چونکە کاتێك باس لە چەمکە گریمانەییەکان، یان ئەلیکترۆنییـەکان دەکات، زۆرترین سەلماندن دەدات بەدەستەوە.

یارمـەتیی کتێبخانـەکان دەدات کـە هاریکـاریی یـەکتر بکـەنو ئـاڵوگۆڕی زانیارییـەکان لەنێوانیانـدا هـەبێت، لەگـەڵ ئـاڵوگۆڕی پرسـیارو وەڵام سـەبارەت سەرچـاوەکانیان، ئەمـە لەکاتێکـدا پرۆگرامی هاریکاریی لەنێوانیاندا پەیرەو کرابێت.

هەرچۆن یارمـەتیی کتێبخانـەکان دەدات کـە لـە نێـوان خۆیانـدا ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان (پێرستە بەرهەمهێنراوەکان) بکـەن، لەگـەڵ ئاڵوگۆڕی دۆکیۆمێنتەکان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەمانـە بێجگـە

لەوەی ئینتەرنێت ئاسانترین‌و هەرزانترین ئامڕازی پەیوەندییە بۆ گەڕان بەدوای بنەماکانی زانیاریی تایبەتمەند بەبێ پێویستیی ئامڕازە کۆنەکان لەکاتی بەستنی پەیوەندیدا بەبەکارهێنانی ئامڕازی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەسەرهێڵ، یان وەك ناسراوە بە (Dial-Up).

بڵاوبوونەوەی فراوانی ئینتەرنێتیش لە نووسینگەو ماڵان‌و کتێبخانەکاندا کارێکی کردوە ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی زانیاریی لەلای زۆربەی خەڵکی، بەتایبەت ئەوانەی بواریان بۆ نەڕەخساوە پەیوەندیی بەکتێبخانەکانەوە بکەن، یاخود لە ڕابردوودا سوودیان لێ وەرگرتبێت.

هەروەها لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی تری ئینتەرنێت لەسەر کتێبخانەکان بەشداری کردنێتی لە دەستەبەرکردنی زانیاریی یەکجار نوێ کەوا لەوەبەر بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆو بەتێچوون‌و کات‌و کۆششی زۆرەوە چنگ دەکەوتن.



## کاریگەریی ئینتەرنێت لەسەر نامەی زانستی

یـەکێك لـە توێژینـەوە تایبەتمەنـدەکان سـەبارەت (کاریگـەریی ئینتـەرنێت لەسـەر بـەکارهێنانی کتێبخانەگـشتییەکان) کۆمـەڵێك ئەنجامی گرنگی داوە بەدەستەوە، لەم باسەدا هەندێکیان دەخەینە روو، بەتایبەت کەوا لەگەڵ ناوەرۆکی باسەکەدا یەکدەگرنەوە.

ئـەو توێژینەوەیـە بـە پەیوەنـدیی تەلـەفۆنی ئەنجامـدراوە، پەیوەندیی بەزیاتر لە (٣)هەزار کەسەوە لەبەهاری ٢٠٠٠دا لـە وڵاتـە یەکگرتووەکاندا کراوەو تیایدا سەلمێندراوە ئەوا:



*٧٥,٢٪ لەبەکارهێنەرانی ئینتەرنێت سوودیشیان لـە کتێبخانـە وەرگرتووە.

*٦٠٪ی سوودمەندانی کتێبخانە ئینتەرنێتیشیان بەکارهێناوە.

*٤٠٪ لەنموونەکان لەیەك کاتـدا سـوودمەندبوون لـە کتێبخانـەو ئینتەرنێت.

بەکارهێنانی کتێبخانەو بەکارهێنانی ئینتـەرنێت پەیوەندییـەکی پێچەوانەیان لەگەڵ تەمەنی سوودمەنداندا هەیە، واتـە سـوودمەندان لە کتێبخانـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـچووکترە لـە ناسـوودمەندانی، هـەروەها بەکارهێنـەرانی ئینتـەرنێت بـچووکترن لەوانـەی بـەکاری ناهێنن.

لای ئەمریکاییەکان بەکارهێنانی کتێبخانە پەیوەندییەکی دیـاری نـەبوو بـە جیـاوازیی رەچـەڵەکەوە، بـەڵام ئـەو پەیوەندییـە لـەلای بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەدەرکەوت.

بــەکارهێنانی ئینتــەرنێتو کتێبخانــە پەیوەســتن بەیەکــەوەو پەیوەندیی ئەرێنییان هەیە بە ئاستی وەدەسـتهێنانی زانـستییەوە، بەکارهێنەرانی، ئاستی زانستییان باشتر بـووە لەچـاو ئەوانـەی ئـەو ئاسـتەیان نـەبووە. هەرچـۆن پەیوەندییـەکی بـاش هەیـە لـەنێوان بەکارهێنــەرانی ئینتــەرنێتو کتێبخانــە لەگــەڵ داهــاتی خێزانــدا، بەکارهێنــەران نیـشانیانداوە کـە داهاتیـان باشـترە لەچـاو داهـاتی بەکارنەهێنەراندا.

هاوكات توێژینەوەی باسكراوە پەیوەندیی رەگەزی نموونەكانی (نێرو مێ) بە بەكارهێنانی كتێبخانەو ئینتەرنێتەوە دەریخستووە، تیایدا ئاماژە بە وەكراوە كە رێژەی بەكارهێنەری كتێبخانە لەژناندا زیاترە وەك پیاوان، بەڵام بەكارهێنانی ئینتەرنێت بەپێچەوانەوەیەو رێژەی پیاوان زیاترە، لە نموونەكاندا ئەوانەی پێكەوە كتێبخانەو ئینتەرنێت بەكاردێنن، جیاوازییان نییە.

رێژەی ئەوانەی كە دەڵێن بەتەنیا ئینتەرنێت بەكاردێن بریتییە لە ٢٠,٣٪، ئەمەش دەكاتە دووقاتی ئەو رێژەیەی كە بەتەنیا كتێبخانە بەكاردێنن، بەكارهێنانی كتێبخانە بۆ سوودمەندانی ئەم خەسڵەتانە دەبەخشێ:

١–ئاسانیی بەكارهێنانی.

٢–كەمیی تێچووی.

٣–زۆریی سەرچاوە كاغەزییەكان.

٤–وردیی زانیارییەكانو درووستییان.

٥–رەخساندنی هەل بۆ كاركردنی كارمەندانی كتێبخانەو پسپۆڕانی ژێدەرەكان.

بەڵام ئینتەرنێت لەم رووانەوە خاوەن خەسڵەتە:

١–ئاسانیی گەیشتن بە زانیارییەكان، واتە نەبوونی پێویستی بۆ چوونە كتێبخانە.

٢–سوودوەرگرتن لە كات، لەبری ئەو كاتەی كە چوونە كتێبخانە پێویستی پێی دەبێ.

٣–توانـای سـوودوەرگرتن لێـی لـە هـەر کـاتێکی بیـستو چـوار کاتژمێرەی شەو و رۆژدا.

٤–زۆریی سەرچاوەکان.

٥–پێشبینی چنگ کەوتنی هەرشتێك کە مرۆڤ بیەوێت.

٦–توانای کار لەسەرکردنی ئەو زانیارییانەی دەستدەکەون.

٧–بوونی زانیاریی یەکجار نوێ.

٨–توانـــای گـــەڕان بـــەدوای زانیارییەکانـــدا لەلایـــەن خـــودی سوودمەندەوە، بەبێ پێویست بوون بەهاوکاری کەسانی دی.

٩–توانای حەوانەوەو پشوودان.

١٠–توانای کارکردن لە شوێنی خۆتەوە بەبێ بوونی کەسانی تـر لەگەڵتدا (ئەگەر بوونی کەسانی تر دەبنەوە مایەی بێزاریی بۆت).

١١–هەڵدانـــەوەی لاپـــەڕەکان لـــە ئینتەرنێتـــدا چـــێژی زیـــاتر دەبەخشێ بەسوودمەند.

هەڵبـــەت کارمەنـــدو هەڵـــسوڕاوانی هـــەردوو خزمەتگوزارییـــەکی کتێبخانـەو ئینتـەرنێت ویـستی خزمـەتی باشـتری سـوودمەندیانیان هەیە، بەڵام هەندێ ڕێگر ڕێ لەو مەبەستەیان دەگرێت، لەوانە:

–هۆکـــاری بـــەکارهێنانی کتێبخانـــە (لـــەلای هەنـــدێ کـــەس) دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ژیانی خۆیان، دەنا هیچ بەڵگەیەك نییـە بـۆ ئەوەی کە بوونی ئینتەرنێت ڕێگر بێت لەو بەکارنەهێنانە.

–بەکارنـەهێنانی ئینتـەرنێت لەلایـەن هەنـدێ کەسـەوە بـەهۆی ئەوەوەیە کە ئەوان پێویستیان بە ئینتەرنێت نییە.

–هەندێکیش بەهۆی تێچوویەوە بەکاری ناهێنن.

–بەڵام لە (نموونەکاندا) ئەوانەی کە دەڵێن نە ئینتەرنێتو نەکتێبخانە بەکاردێنن، بۆ پەیداکردنی پێداویستییە زانیارییەکانیان ئەوا پەنا دەبەنە بەر رۆژنامەو تەلەفزیۆن.



# هۆكارەكانی بەكارهێنانی ئینتەرنێت

## تازەیی زانیارییەكان:

ئەوەی لە ئینتەرنێتدا ناسراوە، توانای لە رادەبەدەرێتی بۆ تازەكردنەوەی زانیارییەكانی، بۆ نموونە لە كتێبە ساڵانەكانی (كتێبی راستییەكان)دا كە لە كتێبخانەكانی (Europa Book)دا ساڵانە بەشداریمان تێدا دەكرد، سوودمەندان لە بەشی زێدەردا سوودیان لە زانیارییەكانی ئەو جۆرە كتێبانە وەردەگرت، هەر گەشەپێدانو تازەكردنەوەیەك بۆ زانیارییەك هەبووایە ئەوا دەبوو سوودمەند یەك ساڵی تەواو چاوەڕوان بووایە تا لە نوسخەی هەمواركراوی ساڵی داهاتوودا وەریبگرتایە، بەڵام هەر ئەو جۆرە زانیارییانە لە ماوەی یەك خولەكدا لەتۆڕی جاڵجاڵۆكەیی ئینتەرنێتدا پەیدا دەكرێن.



## زۆریی سەرچاوەکان:

پەیوەندیی لەرێی ئینتەرنێتەوە مانای وازهێنانو فەرامۆشکردنی ئەو هەموو زانیارییانە نییە کە لە ئامرازە تەقلیدییەکاندا هەن، چ سەرچاوە کاغەزییەکان، چ پارێزراوەکان لەشێوەی مایکرۆفیلمدا، یان سەرچاوە بیستراو و بینراوەکان. بەلاّم لەرووییەکی ترەوە دەبێ بەکارهێنانی ژیرانەمان لەم قۆناغی وەرچەرخانەدا ( Transition Period) هەبێت کە تیایدا بلاّوکەرەوەکان زۆربەی ئەوەی هەیانە دەیخەنە سەر تۆڕی ئینتەرنێتی، بەشێوەیەك هاوسەنگی رابگرین لە هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی زانیارییدا.

چونکە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی رانەگەیشتووە چی سەرچاوەی کتێبخانەی تەقلیدی هەیە بیانخاتە بەرچاو، یاخود خاوەنی سەرچاوەکانو بلاّوکەرەوەکانیش هەرچییان هەیە لە سەرچاوەی کاغەزینەوە نەیانکردوە بەسەرچاوەی ئەلیکترۆنیو نەخراونە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.

پێویستە کتێبخانەکان هەرچییان هەیە بیخەنە ناو ئینتەرنێتەوەو ئەویش پێویست بەئامادەکردنی پێڕست دەکات تا لەگەڵ پێودانو پرۆتۆکۆلەکانی (IP)دا بگونجێت، ئەوەش زۆربەی جار بەوە وەسف دەکرێت کە لە ژینگەی ئینتەرنێتدا بەکاردێت (Web – Based).

هەرچۆن ئینتەرنێت بێجگە لەوانەی باسکران، یارمەتی دەدات بۆ ئازادیی زانیارییەکان (Freedom Of Information) تا

گـــــــرفتەكانی سانسۆر نەمێنێ (Censors hip)كە زۆر دەوڵەت تـا ئێستا پەیڕەوی دەكەن، هەرچۆن هەلی یەكسانی دەڕەخسێنێ بـۆ بەكارهێنــەرانیو زانیارییــەكان لەیــەك شــوێنو یــەك وڵاتــدا قــۆرخ ناكرێنو نابنە مـافی یـەك رەگـەزو یـەك نـەژاد، ئـەوەش بەشـداریی دەكات لە ئازادیی بیركردنەوەدا.

## خەسڵەتەكانی ئینتەرنێت:

(رائیــد حــلاق)ی توێــژەر، ســاڵی ٢٠٠١ لــە توێژینەوەیەكــدا سەبارەت هەڵسەنگاندنی زانیارییەكان كۆمەڵێ پێوانەی دیـاریكردوە بـۆ هەڵبـژاردنی سەرچـاوەكانی زانیـاریی لـە ئینتەرنێتـەوە، لەوانـە دروستیو وردیی سەرچاوەكانو مێژووی بڵاوكردنەوەو گشتگیرییان بوونی خەسڵەتی بابەتێتی لە نووسینیاندا، هەرچۆن (عاتف یوسف) لەسـاڵی ٢٠٠٠دا چـەندین خەسـاڵەتی ئینتــەرنێتی خـستووەتە روو، لەوانە: كراوەیی ماددیو مەعنـەویی ئینتـەرنێت، كـە هـەل بـۆ هـەر تــۆڕێكی فــەرعی یــان ناوچــەیی دەڕەخــسێ خــۆی ببەســتێتەوە پێییەوە، بەبێ رەچاوی پێگەی جـوگرافیو ئاراسـتەی ئـایینی یـان كۆمەڵایــەتیو سیاســیی، ئینتــەرنێت داهێنــانێكی مەزنــەو ئــەوەی بەدەستی هێناوە هیچ تەكنیكێكی زانستی تـر بەدەسـتی نـەهێناوە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، رادێـو نزیكـەی چـل سـاڵی ویـست تـا ٥٠ ملیۆن بەشداری پەیدا كـرد، تەلـەفزیۆنیش ١٣سـاڵو كۆمپیوتـەری شەخــسی بــە ١٦ســاڵ ئــەو بــڕە بەشــدارەیان پەیــداكرد، بــەڵام ئینتەرنێت بەچوار ساڵ زیاتر لەو ژمارە بەشدارەی بـۆ درووسـتبوو

لــه زیــادبوونی بەرچاویــشدایه، ئــەمڕۆ زیــاتر لــه ٣٠٠ ملیــۆن بەکارهێنەری هەیە.

## زانیاریی کوێرانە:

لەبەرئەوەی ئینتەرنێت گەشەکردنی بەبێ لایەنێك، یان لایەنی ڕێکخستن‌و سانسۆری کارگێڕییه، هەربۆیه بونیادو گەشەکردنی بەشێوەیەکی کوێرانەی نارێکخراوە، تا ئێستا گەلێك لە سەرچاوەکانی‌و بە زمانی جیاواز هەن کە گەیشتن پێیان ئاسان نییە، ئەوەش وای کردوە کتێبخانەکان لەو ڕووەوە کاراترین، چونکە کاری ڕێکخراوو زانستی‌و کارگێڕی‌و خزمەتگوزارییان لەپشتەوەیە.



## جەماوەرێتی زاڵ:

ئەمڕۆ هیچ ئـامڕازێکی جـەماوەرێتی ناگاتــە ئینتــەرنێت، چـونکە ئـامڕازێکی جـەماوەریی گەورەیـەو تـەنیا تـەرخان نییـە بـۆ گروپـی دیاریکراو، تاکی ئاسایی هێزی گەورەی هەیە لە پەیوەنـدی کـردنو ئاڵوگۆڕی نامەو ناسینی خەڵکیو ئاڵوگۆڕی دارایيو گرێبەستەکاندا، هــەروەها لــە پرسـیارکردنو ئـاڵوگۆڕی وێنــەو زانیارییەکانـداو بــە ئاسانی گـەڕان بـە دوای زانیـاریی نـوێی تـرداو پەیوەنـدی بەسـتنی تەلــەفۆنی هــەر لــەرێی ئینتەرنێتــەوەو بــەکارهێنانی ئامڕازەکـانی ئاخافتن(Chatting)و ناردنی خێرا بە مەسنجەر Messenger.

## بازرگانی ئەلیکترۆنی:

لەئێـستادا هـیچ ئـامڕازێکی ریکلامـی نییـە بگاتـە ئینتــەرنێت، بەشـێوەیەك قـەوارەی بازرگـانیی ئـەلیکترۆنیی بـە ٦٥ ـ ١٠٠ بلیـۆن دۆلار خەملێنراوە کە نیوەی زیاتری ئەو داهاتـە سـاڵانەیە بـۆ وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە لە کۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٣دا ئـەو داهاتە بگاتە یەك تریلیۆنونیو دۆلار.

## گەشەکردنی بەردەوام:

لەچەمکی پیشەسازیی زانیارییدا ئینتـەرنێت داهێنـانی گـەورەی داهێناوە، هەرچۆن خێرایی بڵاوکردنەوەی جیاوازیی کـاتو دووریـی مــەوداکانی تێپەڕانــدوە، جیهــان بــەهۆی ئــەم ئـامڕازەوە بووەتــە شاشەیەکی بچووكو هەر هەموو کیشوەرە گەورەکانو نەتەوە



جیاوازەکانو رەگەزە جۆراوجۆرەکانی یەکخراونو رۆژ لە دوای رۆژ لە مالّو نووسینگەکانیاندا ژمارەیان لەزیادبووندایە.

## زانیاریی بەکەڵك یان ئامڕازێ بۆ رابواردنو خۆخلافاندن؟

یەك لەسوودمەندانی کتێبخانەکان (١٠) هۆکاری بژاردووە بۆ سەلماندنی بیروڕای خۆی بۆ مانەوەی کتێبخانە لە گەیاندنی پەیامەکانی بەباشترین شێوە، بەمەرجێ کارمەندانی کاری جددیی بکەن بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەو پەیامەکەیو تازەگەریی لە ئامانجەکانیدا، لەگەڵ دابینکردنی رێگای گونجاو بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجە، پێویستە کتێبخانەکان خزمەتی توێژەران بکەن لە هەر کوێیەك هەنو لەهەر کاتێکدا بیانەوێت، هەر ئەو کەسە دەڵێت "کتێبخانەکان بۆ ئەوە دامەزراون کە بمێننەوە، نەك بۆ داخستنی

دەرگاکانیـان" لـە ئایندەیـەکی نزیکـدا، لـە ژمـاردنی هۆکارەکـانی مەبەستەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵانە داوە:

١- پەیامی ئینتەرنێت بەپلەی یەکەم حەوانەوەو خۆخڵافاندنـە، نەك فێربوونو پەروەردەو مەعریفە. لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی زانیاریی (زانستی یان رۆشنبیری) لەزۆربـەی پێگـەی ئینتەرنێتـداو لەرێی پێگەی کتێبخانەی ئینتەرنێتی گشتی IPL.org یـان رێبـەری کتێبخانـەکان لـە ئینتەرنێتـدا Lii.org، بـەڵام هۆکـاری چـوونە نـاو تۆڕەکـانی ئینتەرنێتــەوە لــە زۆربــەی ماڵەکانـدا بــەو هۆیــەوە کـە ئـامرازێکی رابـواردنو حەوانەوەیـە، هەربۆیـە ئـامێری کۆمپیوتـەر دەکڕنو بەشداریی لە ئینتەرنێتدا دەکەن هەر بۆ هەمان هۆکارە کە لە پێناویـدا ئـامێری تەلـەفزیۆن دەکـڕنو بەشـداریی لـە وێـستگەی پەخشە تەلەفزیۆنییە شفرەدارەکاندا دەکەن، هەر وەکـو خۆیـشیان دەڵـێن ئـەوان ئینتـەرنێت وەکـو کـەناڵی HPO تەماشـا دەکـەن، نــــەك لــــەپێنــــاوی خوێندنەوەو C-SPAN یانTHOMAS .



٢- لەبەرئەوەی ئینتەرنێت ئامرازێکی رابواردنو کاتبەسەربردنە، کەواتە جێگایەکیشە بۆ بازاڕاندنو بووەتە ئامرازێك بۆ پارە پەیداکردن، لەبەر ئەوەیە یاساکەی (قریشام) بایەخی دەبێت کەوتویەتی " ماڵپەڕە خراپەکان جێگا بە ماڵپەڕە سوودبەخشەکان لەق دەکەن".

هەربۆیە ماڵپەڕەکانی کاتبەسەربردن Entertainment دووئەوەندەی ماڵپەڕە جددییەکانی ئینتەرنێتە.

هەرچۆن ئەو ماڵپەڕانە پڕاوپڕن لە بانگەشەو ریکلامو بەشی سەرەوەی لاپەڕەی ماڵپەڕەکان بە ریکلامی بازرگانی دەڕازێنرێنەوە، نەك بابەتی سوودبەخش.

خولاوەو کتێبە زانستییەکان جیاوازن لە ریکلامی زانستی، ئەوانەی یەکەم ئامانجی زانستییان تیادایەو ئەوانەی دووەم ئامانجی بازرگانی، واتە توێژەرو زانست پەروەرەکان تەنیا لە کتێبخانەدا سەرچاوەی زانستییان چنگ دەکەوێت.

٣- زانیاریی زۆر بەکەڵك لەئینتەرنێتەوە بەبەرامبەرە، هەرچەندە دروشمی ئینتەرنێت بۆ هەمووانو بێ بەرامبەرە، گەر وانەبێ زۆر ماڵپەڕی سەرچاوەکانی زانیاریی زیان دەکەنو لەکار دەوەستن، هەروەك تەلەفزیۆن کە زۆری بەرنامەکانی بێبەرامبەرە بەڵام هەندێ بابەتی وەرزشو فیلمە سێکسییەکان بە بەرامبەرن.

٤- ئەمڕۆ ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتییەو بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی پەیوەندیو بەردەوامییە لە پەیوەندی بەستندا،

خــەڵك ناردەكانيــان لەپۆســتى ئاســايى (خــاو)ەوە وازليهێنــاوەو زۆربــەى نووســينگەكانى پۆســت وازيــان لــە كارەكانيــان هێنــاوە، چونكە ناردەى ئەليكترۆنىو فاكس بەشێوەيەكى بەرچاو گەشـەيان كردوە، زۆربەى خێزانـەكان سـوود لـەم تەكنەلۆجيايـە وەردەگـرنو لەگەڵ ئەوەشدا جێى داخە زۆربەى ئاخافتنەكان Chatting بـەتاڵنو گەلێك لە پەخشى ريكلامەكان بێ كـەڵكنو لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە لـە ئينتەرنێتدا خزمەتگوزاريى زێدەريى پێشكەش دەكرێن بەڵام ناگاتـە ئـەو ئاسـتەى كـە كتێبخانـەكان دابخـرێنو واز لـە خزمـەتگوزارييان بهێنرێت.

٥- زۆرجار ئينتەرنێت لە كتێبـى هەڵوەشـاو دەچـێت كـە پـەڕە پــەڕە كرابێــتو لاپــەڕەكان فــڕێ درابێتــە ســەر زەوى، هەربۆيــە ئەستەمە بوترێـت توێـژەر هەرچييەكى دەوێـت چـنگى دەكـەوێت، هەرچۆن لە كتێبخانەدا ئەو ئامانجەى دێتەدى.

كاتێـك توێـژەرێ دەيـەوێ بابـەتى چـنگ بكـەوێ كـە ناونيـشان دەنووسىّو (سێرچ) دەكات هەزاران بابەتى دێتـە بەردەسـت جـۆرە سەرلێشێوانێك تووشى دەبێ.

٦- تائێستا مەسەلەى دۆكۆمێنـتو ڕەسـەنىو درووسـتييان لـە ئينتەرنێتدا جێـى دڵنيـايى نييـە، لەگـەڵ بـوونى گرفتـى گـەورە لـە ئاسايـشى زانياريـدا لەسـەر ماڵپــەڕەكانى ئينتــەرنێت، كــە ئەوانــە توانــاى چــوونە ناويــانو دەســتكارييان هەيــە، بــەڵام تــەكنيكى

دیـاریکراوی وەك PDF هـەن کـە پاراســتتنیان مـسۆگەرەو توانـای دەستکاریو هەمواریان نییە.



٧- زۆریو بۆری سەبارەت بابەتی دیاریکراو بۆ خـۆی کێـشەیە، هەرچـــۆن ئـــەو بابەتانـــە وەك کتێـــب قـــوولّ نـــین، هەرچـــۆن زانیارییـەکانیان لـە مـاوەی دیـاریکراوی کورتـدانو هـەموو شـتێك سـەبارەت بابـەتێك لـەکاتی سـەرهەڵدانیەوە چـنگ ناکـەوێت، واتـە لایـەنی مێـژوویی تیایانـدا لاوازە، تەنانـەت بـۆ ئـەو دامـەزراوە تایبەتمەندانـەی خـودی بوارەکـە، وەکـو www.archive.org هەرچۆن هەرچییەك بڵاودەکرێتەوە بـەپێز نـینو ئەوانـەی بابـەتیان بەسەر دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا تێناپەڕێت ئەوا دەیخەنە ماڵپـەڕی

ئینتەرنێتەوەو هەرگیز ئاستی زانستییان وەك کتێبە چاپکراوەکان نابێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەوانەی توانای داراییان سنووردارەو ناتوانن کتێب چاپ بکەن ئەوا سوومەند دەبن لە ئینتەرنێتو ئەوە دەرفەتی بڵاوکردنەوەی گونجاویان دەبێ، هەر چۆن کەسانێ توانای بەزاندنی رەوشی کۆمەڵایەتیو سیاسییان نییەو پەنا دەبەنە بەر ئینتەرنێت.

٨- گومانی تێدانییە کە ئینتەرنێت گۆڕانی زۆر دێنێ بەسەر مافی بڵاوکردنەوەدا، ئەمەش بەو واتایە نییە کە مافی نووسینو دانان لەگەڵ بڵاوکردنەوەدا نامێنێ بەڵکو پێچەوانەکەی راستە.

لەلایەکی ترەوە لەبەرگرتنەوەو گواستنەوەی زانیاریی ئاسانە لەکتێبەوە، یان گۆڤارو ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنییەوە، بەڵام بەکارهێنانی تەکنیك بۆ پاراستنی مافی نووسەر یەکجار زەحمەتە.

هەرچۆنێ بێت توێژەرو نووسەر توانای زۆریان هەیە بۆ پاراستنی مافەکانیان بۆ بەرهەمە بڵاوکراوەکانیان لەسەرچاوە ئەلیکترۆنییەکاندا.

٩- سەرچاوە کاغەزینەکان بەرهەمهێنانیان هەرزانە، هەرچۆن تەمەنی گریمانیەییان نییە، وەك ئینتەرنێت بێت کە هەر پێنج ساڵ جارێك کۆمپیوتەرەکانمان نوێ بکەینەوە، وەك ئەوان نین کە جیاوازییان هەبێ لەنێوان کۆمپیوتەری ئەنتڵ، یان مایکرۆسۆفت.

هەرچۆن رۆشنایی هەیە لەخوێندنەوەی کتێبدا (Re solution)، کە نە ئێستاو نە داهاتووی نزیك ئەوە لەهیچ کۆمپیوتەرێکدا نایەتە دی، هەر چۆن کتێب پێویستی بە وزەی کارەبا نییە وەك کۆمپیوتەر بۆ خوێندنەوەی.



١٠- لەبەرامبەردا، ئینتەرنێتو سەرچاوە زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانی جیاوازن لەسەرچاوە کاغەزینەکان لەزۆر رووەوە، لەوانە پێشکەش زانیاریی بە وێنەو دەنگەوە.

هەر چۆن کتێبخانەش لەهێنانەکایەی ژینگەی (نموونەیی)دا بۆ سوود وەرگرتن لەزانیارییەکانو بۆ (هاندان) بەبەردەوامیو زیندوێتی خوێندنەوە لەنیو کارمەنداندا شتێکی جیاوازە لەئینتەرنێت.

بەڵام زەحمەتە هەڵبژاردنی تەواو رەها بکرێت لەنێوان کتێبخانەو ئینتەرنێتدا، پەسەندکردنی یەکێکیانو فەرامۆشکردنی ئەوەی تریان، بەڵکو پێویستمان بەهەردووکتیانەو تەواوکەری یەکترن، بەمەرجێ هەڵبژاردنی نموونەیی لەسەرچاوەکانیاندا بکرێت، واتە سەرچاوەی زانیاریی کاغەزێنو ئەلەکترۆنیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (Alyaseer.net)

کتێبی ئایندەی وەرگێڕ

# کتێبخــانە گشتییەکان

نووسینی:

د.محمد فتحي عبدالهادي

د. نبيلة خليفة جمعة

القاهرة ٢٠١٠

# چاپكراوەكانی یاسین قادر بەرزنجی
# لەبواری زانستی كتێبخانەو زانیارییەكاندا

١- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری كوردو نووسەری كوردستان، بەهاوكاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٨٨.

٢- بیبلیۆگرافیای ٢٤ ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣- دەروازەیەك لەڕووی كتێبخانەو زانیارییەكان، سلێمانی،٢٠١٠.

٤- زانستی پێڕستو دۆكیۆمێنتتاری، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠١١.

٥- ئەو (١٠) كتێبەی جیهانیان هەژاند، ئامادەكردن، سلێمانی، ٢٠١١

٦- چەند بابەتێك سەبارەت كتێبخانەو زانیارییەكان، هەولێر، ٢٠١١.

٧- پۆلێنی كتێب لەكتێبخانە گشتییەكانو كتێبخانەی خوێندنگاكاندا، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١٢.